## هونەرمەندی شێوەکاری کورد ئاراس کەریم لەگەڵ 59 هونەرمەند
## لە پێشەنگایەکی شاری ئەمستردامدا

سەردار ئەمین

ڕۆژی شەممە و یەکشەممەی ڕێکەوتی 9، 10 / 03 / 2002 لە Stadsdeel Westerpark Amsterdam لە بەشی شارەوانی (ناوچەی گۆڕەپانی ڕۆژئاوا)ی ئەمستردامدا پێشەنگایەکی هونەری بۆ 60 هونەرمەندی ئەو هەرێمە، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ سازکرا. هەر هونەرمەندەی بە تابلۆیەك، لە هونەری فۆتۆگراف، شێوەکاری، کاری ڤیدیۆ، سیرامیك و پەیکەرسازی لە هۆڵی شارەوانی Westerpark پێشکەش کرا و تابلۆکان لەوێ نیشان دەدران و ناونیشانی ئەتەلیەیە یان (شوێنی کاری) هونەرمەندەکەی لەگەڵدا هەڵواسرا بوو، ئەو دوو ڕۆژەش ئەو شوێنانەی تریش کرابوونەوە بۆ سەردان و بینینی بەرهەمەکانی تری هونەرمەندەکان.

شایانی باسە لە ئەمستردام هەموو ساڵێك شارەوانییە ناوچەییەکان، پێشەنگای لەم شێوەیە بۆ هونەرمەندانی دانیشتووی ناوچەکانی خۆیان ساز دەکەن و جۆرەها کاری هونەری تێدا پێشکەش دەکرێت.

هونەرمەند ئاراس کەریم وەك هونەرمەندێکی بە تواناو ناوڕۆیشتووی کورد نەك لە ئەمستردام، بەڵکو لە سەر تاسەری هۆڵەندە و بگرە لە گەلێك لە وڵاتانی ئەورووپاش ناوبانگێکی هونەری شیاوی بە بەرهەمە هونەرییە شێوەکار و ئەبستراکتەکانی بۆ خۆی وەرگرتووە.

لە هەموو بەشێکی شارەوانیشار و شارۆچکەکانی هۆڵەندەدا، کۆمەڵێك ئەنجومەن هەن. هەر ئەنجومەنە سەرۆکی تایبەتی خۆی هەیە و هونەریش ئەنجومەنێکی تایبەتی بە هونەر و جۆرەکانی هەیە. ئامانجی ئەنجومەنی هونەری شارەوانییەکان لە کردنەوەی ساڵانەی ئەم جۆرە پێشەنگایانەدا، سەرنجراکێشانی خەڵکانی ڕۆشنبیر و هونەرپەروەرە بۆ ناوچەکانیان وەك جێگایەکی شارەستانی و پێشکەوتوو ڕادەکێشن، هەروەها گۆشکردن و ئاشناکردنیان بە بەرهەمی هونەری نەتەوە و کلتورە جیاوازەکانە.

لەم پێشەنگایەدا جگە لە کاری هونەرمەندانی هۆڵەندی تابلۆی هونەرمەندی کورد، یابانی، بەریتانی، ئێرانی، بۆسنی و چەندان نەتەوەی تری تێدا دەبینرا.

هاوپێچ لەگەڵ ئەم ڕاپۆرتە هەواڵەدا:

١- دوو تابلۆی هونەرمەند ئاراس کەریم.



دوو تابلۆی هونەرمەند ناراس کەریم

